





# کۆنگرەی یەکەمی PAK نموونەیی و داهێنەرانە بوو

پاشماوەی ڕەوژەن







لە درێژەی کاروبارەکانی کۆنگرەدا، هەڵبژاردنی ئەندامانی هەر 3 دەزگای مەجلیسی گشتی، کۆمیتەی ناوەندی و دەستەی دادوەری بەڕێوەچوو.

هەڵبژاردن بۆ ئەم دەزگایانە بە لیستە کرا. ئەندامانی کۆنگرە هەرکام مافی ئەوەیان هەبوو و چەند جاریش ڕاگەیەندرا کە هەرکەس دەتوانێ لیستەیەکی دیکە بدا، یان لەگەڵ لیستەی پێشکەشکراو یان لەگەڵ یەك یان چەند کەس لە لیستەی پێشکەشکراو موخالف بێ و ئەگەر هەر کەسێك زۆربەی دەنگی ئەندامانی پێنەدرێ، لە لیستەکە وەلادەنرێ. چ بە پێی یاداشتەکانی خۆم وەك ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی کۆنگرە و چ بە پێی ڕاپۆرتەکانی کۆنگرە و چ بە پێداچوونەوە و چاولێکردن لە فیلمەکانی کۆنگرە، ئاکامی ئەو هەڵبژاردنانە بەمجۆرە بوو:

1- سەبارەت بە مەجلیسی گشتی، لە ریزی ئەندامانی کۆنگرەدا تەنیا یەك کەس خۆی بە موستەحەق دەزانی کە ئەویش ئەندامی ئەو مەجلیسەبایە؛ لە سەرەتاوە 4 کەس لە قبووڵی ئەندامیەتی مەجلیس خۆیان کشاندەوە کە دوواتر پاش تێگەیشتن لە کاروبارەکانی ئەو مەجلیسە و پێوەندیی بە دام و دەزگاکانی دیکەوە، گەڕانەوە؛ ئەندامانی لیستەی پێشکەشکراو بۆ مەجلیس، هیچکامیان ئەوەندە دەنگی موخالیفیان لەسەر نەبوو کە وەلابنرێن و هەموویان زۆربەی دەنگیان لە پشت بوو، تەنیا یەك کەس ژمارەی موخالیفی گەیشتە 10 دەنگ.

2- لە لیستەی کۆمیتەی ناوەندیدا، تەنیا یەك دەنگ موخالیفی یەک لە ئەندامانی لیستەکە بوو. ئەو دوو هەڤاڵە ئێستا هەر دووکیان لە ریزەکانی PAK دا هاوخەباتن.

3- بۆ دەزگای دادوەریی کە پێکهاتبوون لە هەڤاڵان کاک حسەین یەزدانپەنا و کاک شەماڵ پیران و هامنۆ نەقشبەندی، هیچ کەس موخالیف نەبوو، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا و چەپڵەیەکی گەرم و گوڕیان بۆ لێدرا.

هیوادارم PAK بتوانێ بە هەر جۆرێکی مومکین، فیلمی کۆنگرە بۆ بیروڕای گشتی بڵاو بکاتەوە و بینەرانی، خۆیان لێکدانەوەیان بۆ ئەو کۆنگرەیە هەبێ.

بەمجۆرە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بەسترا و بە سەر و دڵخۆشی و چەپڵەی بەردەوام و سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب کۆتایی پێهات و یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، قۆناخێکی نوێی لە ژیانی سیاسیی بە ناوی پارتی ئازادیی کوردستان دەست پێکرد.

بەڵام؛ ئەو کۆنگرەیە و بڕیارەکانی تاکە داهێنانەکانی ئەم حیزبە نەبووە و بەوانەش کۆتایی نایەت. 16 ساڵ لەمەوبەر ئەو داهێنانە بە یەکەم ڕاگەیەندراو و بە نامیلکەکانی شەهید سەعیدی ڕێبەرمان دەستیان پێکرد و دوواتر درێژەیان کێشا. پێداگرتن لە سەر ستراتێژیی سەربەخۆیی و بە دەوڵەتبوونی کورد، فیدرالیزم، بەرەی کوردستانی، سیاسەتی دەرەکیی نەتەوەیی، بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا و باکوور و باشوور دانانی کوردستان لە جیاتی کوردستانی ئێران و سوریا و ترکیا و عێراق، ڕەتکردنەوەی ئێرانچێتی، هەڵکردنەوەی ئاڵای کوردستان لە پاش کەوتنی لە کۆماری کوردستان و دەیان سیاسەت و هەڵوێستی نەتەوەیی نوێی تا گەیشتە دانانی "مانیفێستی ئازادیی کوردستان"، ئەو داهێنانانە بوون کە لە ماوەی 16 ساڵی ڕابردوودا لە سەردەستی ئەم خەباتگێڕانە کراوە.

ئەم سەرچاوەیە پاك و خاوێنە و بەرهەمی زیاتریشی لێ هەڵدەقوڵێ. تا بابەتێکی دیکە، هەر بژی کورد و کوردستان و شەکاوە بێ ئاڵای پیرۆزی کوردستان و سەرکەوێ خەباتمان لە پێناو دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستاندا.

**تێبینی: بەدووای بڵاوبوونەوەی بەشی یەکەمی بابەتەکەم خوێنەرێک لە سایتی "بۆ ڕۆژهەڵات" پرسیاری کردبوو کە دەوری ژن لەو کۆنگرەیەدا چۆن بووە و چەند ژن بۆ ئۆرگانە بەرزەکانی ئەو حیزبە هەڵبژێردراون .**

**عەرزی ئەو خوێنەرە بەڕێزە دەکەم کە: 12 ژن لە کۆنگرەدا بەشدار بوون و 3 کەسیان بۆ ئۆرگانە بڕیار بەدەستەکان هەڵبژێردراون.**

فرەیدوون موورادی:

# با زمانی یەکگرتوو زمانی ئیداری بێ و بە هەر ناوچەیەك مافی بەکارهێنانی زاراوەی خۆی بدرێ

بۆ کوردستان. تایبەت:

نەتەوەی کورد، بە هۆی ئەو دۆخە سیاسی و کلتوورییەی تێیدا تێپەڕیوە، ئەمڕۆ لەگەڵ کێشەی نەبوونی زمانێکی یەکگرتوودا، ڕووبەڕووە. سەرەڕای ئەوەیکە بۆ چەند ساڵێک دەچێ ئەم بابەتە لە لایەن پسپۆڕان و شارەزایانی بواری زمانەوە باس دەکرێ و گرینگیی پێدەدرێ، بەڵام، بەداخەوە، هێشتا بۆشایی زمانی یەکگرتوو لە کوردستان، دەبینرێ. سەبارەت بەم بابەتە، "بۆ کوردستان" وتووێژێکی تایبەتی لەگەڵ بەڕێز کاک "فرەیدوون مورادی"، یەک لە نووسەرانی دەڤەری کرماشان، کە لە زانکۆی "ئوپسالا" خەریکی کارە و هاوکات خویندکاری بورای پزیشکییە لە زانکوی "گوتنبرگ"، پێکهێنا.

**پرسیار: بە لەبەرچاوگرتنی واقعی فرەزاراوەیی کوردستان، ئایا دروستکردنی زمانێکی یەکگرتوو مومکینە؟**

**وەڵام:** ئەگەر ڕاستییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری لە بەرچاو بگیردرێن، دروستکردنی زمانی یەکگرتوو، مومکینە. بەڵام، ئەوەیکە ئەنجامی ئەو کارە لەبەر هۆکارێکی سیاسی بێ یان خود زانستی، ئەوە باسێکی ترە.

**پرسیار: بە چ شێوازێک دەبێ زمانێکی یەکگرتوو پێکبهێنین؟ ئایا دەبێ زمانی یەکگرتوو، تێکەڵاوییەک لە سەرجەم زاراوەکانی کوردەواری بێ یان خود بە شێوازێکی دیکە؟**

**وەڵام:** سەرەڕای جیاوازی لە زاراوە، خاڵێکی هاوبەشی زۆر گرینگی کوردەکان لە هەر شوێنێکدا، ئەوەیە کە هەموویان خۆیان بە "کورد" ناو دەبەن. کەوایە، ئەو بۆچوونە واتە: گەلی یەکگرتوو، زمانی یەکگرتوو و خاکی یەکگرتوو، پێموانییە ئیتر بۆ جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردەکان، لەم سەردەمەدا، چارەنووسساز بێ.

بۆ نموونە: بنەماڵەیەکی یارسانی پێیانخۆشە لە کوردستانیکی ئازاددا، منداڵەکانیان لە قوتابخانەدا بە کوردیی خواروو، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لانی کەم 1200 ساڵ پێش ئێستا و زمانی ئایینیی کوردانە، بخوێنن، نەک زاراوەیەکی تری کوردی. کەوابوو، بۆ دروستکردنی زمانێکی یەکگرتووی کوردی، دەبێ واقعییەتەکانی کۆمەڵگای کوردی، لەبەرچاو بگیردرێن و زاراوەکانی زمانی کوردی بەکاربېردرێن و کەڵکیان لێوەربگیردرێ. چۆنکە زمان، کۆڵەکەی سەرەکیی فەرهەنگی ئەو خەڵکەیە؛ کەوابوو، لەبیرکردنی زاراوەیەکی کوردی، بە واتای لە بیرکردنی فەرهەنگی ئەو بەشە لە گەلی کوردە.

**پرسیار: چۆن دەبێ لە باشووری کوردستاندا کە ئازادیی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی هەیە، بەتایبەتی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بایەخ بە زاوەگەلی کوردی(بێجگە لە سۆرانی) بدرێ؟**

**وەڵام:** هەوڵدان بۆ زیندوو کردنەوەی ئەو زاراوانەی زمانی کوردی، کە بە هۆی تەعریب و تەفریسەوە لە مەترسیی لەناوچووندان، لە ڕێگای بڵاوکردنی هەواڵ و بەرنامەگەلی جۆراجۆر و ئاگادارکردن و هاندانی خەڵک بۆ قسەکردن و نووسین بە زمانی خۆیان، ئەبی ئەرکی سەرەکیی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات بێ، کە بە داخەوە، تاکوو ئێستا پشتگوێ خراوە. هەر بۆیە، بەشێک لە لاوانی کرماشانی و ئیلامی، قسەکردن بە زمانی کوردیی خواروو بە دوواکەوتوویی دەزانن و ئاخاوتن بە زمانی فارسی، بە پێشکەوتوویی فەرهەنگی لەقەڵەم دەدەن! ئەگەر هات و حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر چی زووتر پلانێکی درێژخایەن بۆ بەرپەرچدانەوەی تەفریس لە کرماشان و ئیلام دانەڕێژن، لە داهاتوودا ئەو کێشەیەی ئێستا لە کەرکووک هەیە، لەو ناچەگەلە دووپات دەبێتەوە .

**پرسیار: ئایا دەکرێ بۆ نموونە لە کرماشان و ئیلام کەڵهوڕی، لە سنە و موکریان سۆرانی و .... تاد، بۆ ئاخاوتن و نووسین بەکار ببردرێ، یان دەبێ زاراوەیەک وەکوو سۆرانی لە وڵاتدا فەرمی بکرێ و لەو حاڵەتەدا کورد تووشی چ کێشەگەلێک دەبێ؟**

**وەڵام:** بۆچی نە؟ ئیمە نابێ لە پێناو زمانی یەکگرتوودا، زاراوەکانی تر کە هەزاران ساڵە قسەیان پێدەکرێ و هەڵگری ڕەسەنایەتی، ئایین و فەرهەنگی کوردەوارییین، قوربانی بکەین. با زمانی یەکگرتوو، زمانی سەرەکی و ئیداری بێت و بە هەر ناوچەیەک مافی پەرەپێدان و بەکارهێنانی زاراوەی خۆی، بدرێ.

**پرسیار: ئایا ئەو زمانە یەکگرتووەی کە باسی دەکەن دەبێ بۆ هەر چوارپارچەی کوردستان بێ یان خود هەر پارچە و ڕێزمانێکی تایبەتیی دەوێ؟**

**وەڵام:** پێشتر ئاماژەم پێکرد. با لە پاڵ زاراوەی تایبەت بە هەر ناوچەیەک، زمانی یەکگرتووی کوردی بە کار ببردرێ.

